# ئۆپەڕاسیۆنی بیلاڕوس لە سەر سنوری پۆڵەندا – بەکارهێنانی کۆچبەران

# دەقەکان (سکریپت)

پێشەکی

بابەتی وانەکان بریتیە لە ڕوونکردنەوەی سروشتی قەیرانی کۆچبەرانە لە سنورەی پۆڵەندی-بیلاڕوسی وەکو چەکێکی دێمۆگرافی لە چوارچێوەی جەنگی تێکەڵاو (هیبرید)ی بیلاڕوس و ڕوسیا لە دژی ئەوروپا، بە تایبەتی دژی پۆڵەندا و لیتوانیا.

ئامانجی وانەکان بریتیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری قوتابیان لەسەر بەکارهێنانی کۆچبەران وەکو چەکی دێمۆگرافی، هەروەها ئەو ئۆپەڕاسیۆنە مەعریفییەش کە یاوەرِی ئەم دۆخە دەکات.

پرۆگرامی وانەکان تەرخان کراوە بۆ قوتابیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی عێراق، لە نێویشدا هەرێمی کوردستان.

پرۆگرامەکە لە چوار وانە پێک هاتووە کە هەر یەکیان ٤٥ خولەکە، لەوانیش دوو وانە تەرخان کراوە وەکو لێکچەر و دووەکەی تر بۆ گفتوگۆ.

ئامرازەکانی پەروەردە: کۆمپیوتەر، تەختە، پرۆجێکتۆر.

وەسفی کورتی وانەکان:

1 - باسکردنی هۆکاری پەلاماری ڕژێمی ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ (فراوانتر: یەکێتی وڵاتانی ڕوسیا و بیلاڕوس) بۆ سەر پۆڵەندا. چ شتێک بووە هۆی دروست بوونی قەیرانی کۆچ لەسەر سنورەی پۆڵەندا-بیلاڕوس؟
2 - ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئۆپەڕاسیۆنی "شلوز" چیە و چەکی دێمۆگرافی و بەکارهێنانی کۆچبەران وەکو چەك واتای چیە؟
3 - باسکردنی شێوازەکانی بەکارهێنانی کۆچبەران لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی بیلاڕوس.
4 - باسکردنی ئامانجەکانی سەرۆکی بیلاڕوس ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ و بەکارهێنانی کۆچبەران: تێکدانی بارودۆخی ئەوروپا و ناسەقامگیرکردنی پۆڵەندا.
5 - باسکردنی کێشەی کۆچی نایاسایی لە چوارچێوەی کردە تاوانکارییەکان (قاچاخچێتی) و پیشاندانی ڕێگەی یاسایی بۆ هاتن بۆ پۆڵەندا.
6 - باسکردنی مۆدێلی بیلاڕوس-ڕوسیا بۆ ئۆپەڕاسیۆنی چەواشەکاری لە پانتایی زانیاریی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی وێناکردنی ڕوسیا لە پەلامارەکانی بۆ سەر پۆڵەندا.
7 - گفتوگۆ.

**ناوەڕۆکی وانەکان**

1 - هۆکارەکانی پەلاماری ڕژێمی ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ بۆ سەر پۆڵەندا و کاریگەرییەکانی لەسەر دروستبوونی قەیرانی کۆچکردن لە سنوری پۆڵەندا-بیلاڕوس

**لە مانگی یۆنیۆی ٢٠٢١ ەوە ڕژێمی بیلاڕوسی ئوکاشێنکۆ خەڵکی بێگانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریکا ڕاکێش دەکات، کە حەزدەکەن لە ئەوروپا بژین، لە ڕێگەی خەڵەتاندنیان بەوە ڕێگەیەکی ئاسانیان بۆ دەستەبەر دەکەن بە ڕێگای پۆڵەندا و لیتوانیا و لاتیڤیا. ئەوەش لە لایەن دەزگای تایبەتی بیلاڕوسی ئەنجام دەدرێت لەگەڵ هاوبەشەکانیان، کە کەسانی ناپیاو و تاوانبارن فێڵ لە خەڵکی دەکەن و دەیانکەنە قوربانی ڕێگەی هات و نەهات.** بەشێکی زۆر لەو پارەیەی لە کۆچبەران وەردەگیرێ دەچێتە ناو گیرفانی ئوکاشێنکۆ و ڕژێمەکەی.

دیکتاتۆری بیلاڕوس خۆی دانی نا بەوەی کە ئەوە ڕێیەکی باشە بۆ دەستکەوتنی پارە و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەری کەوتووە بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری یەکێتی ئەوروپا کە بەهۆی تاوانی دژبە نەتەوەکەی بەسەری سەپێنراون. **ئەوەش کە لە پشتی ئەو کارانەوە دەوەستێت وڵاتی ڕوسیایە. بیلاڕوس بەشێکە لەو یەکێتییەی کە دروست بووە بەناوی یەکێتی ڕوس و بیلاڕوس، کە ئەوەش وادەکات ئەو ڕژێمە ببێتە پاشکۆی ڕوسیا، پێکهاتە سیاسی و سەربازییەکانیشی بەنزیکی پەیوەستن بە ڕوسیا کە ئەوەش دژی ئیرادەی نەتەوەی بیلاڕوسە. ڕوسیا نەریتی سەدان ساڵەی هەیە لە بەکارهێنانی مرۆڤ وەکو قەڵغان، نمونەی ئەوەش بریتیە لە ڕاپێچ کردنی خەڵک بەرەو سیبیریا (خاکی نامرۆیی). لەو ناوچەیەدا کە بەدرێژایی ساڵ سەرماوسۆڵە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پۆڵەندا نەفی کران بۆی، ئەوە بە بڕینی ڕێگایەکی هەزاران کیلۆمەتری کە پێی دەگوترێت "ڕێگای مەرگ". لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت لە سیبیریا کامپی کارکردن دروستکرا، کە تیایدا خەڵکانێک وەکو کۆیلە کاریان پێ دەکرا و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.** لەوێدا بەشێوەیەکی ئەندازیاریی خەڵکی بەزۆر ڕەوانە دەکران بە ڕێگای شەمەندەفەری ئاژەڵان، ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەی وەکو تاتارەکانی کریم و چیچانییەکان لە ساڵی ١٩٤٤ بەرەو ئەوێ نەفی کران. پێشتر لە ساڵانی ١٨٦٤ – ١٨٦٧ ملیۆنێک و نیو موسوڵمانی چەرکیس ڕاوەدوونران بەرێگای دەریای ڕەش بۆ تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. **ڕوسەکان و بیلاڕوسەکانی ئەمڕۆش بەهەمان شێوەی پێشوو سود لەو ئەزمونە کۆنانە وەردەگرن، بیرۆکەی ئەندازیایی کۆچی بەزۆر لە پەرتوکی قوتابخانەکان دەخوێنرێن.** ئەوەش هیچ شتێکی شاراوە نیە و دەتوانن ببینن و سەیری بکەن.

**ئەو کردەوانە بەشێکن لە کاری ناسەربازیی بیلاڕوس و ڕوسیا کە دژی پۆڵەندا بەکاری دەهێنن. ئەوەی لە سنوری بیلاروس و پۆڵەندا ڕوودەدات بەشێکە لە پەلاماری ڕژێمی ئوکاشێنکۆ (یان ڕاستتر بڵێین یەکێتی نێوان ڕوسیا و بیلاڕوس)، شەڕی هیبرید (تێکەڵاو) بە ئامانجی دروستکردنی قەیرانی مرۆیی بۆ ئەوەی دواتر لە ڕێگەی خزمەتی زانیاریی و فشاری دەروونی، ئامانجی سیاسی و دارایی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.**

لەبەر ئەوە نابێت هیچ کەس چاوەڕێی ئەوە بکات کە پۆڵەندا ڕێ بە کۆچبەرانی نایاسایی بدات سنوری وڵاتەکەی ببەزێنن و لای سەیر بێت کە هێزی پاسەوانی سنور هێز بەکاردەهێنن دژی هەر سنوربەزاندنێک بۆ ناو خاکی پۆڵەندا. هەر لە سەرەتاوە بەشێکی ئەو کۆچبەرانەی کە فێڵیان لێ کراوە لە عێراقەوە هاتوون بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردستانەوە. کۆچبەرانی هاتوو بۆ وڵاتی بیلاڕوس و دواتریش بۆ سنوری پۆڵەندا، ئاگاداری ئەوە نین کە وەکو ئامراز بەکارهێنراون لە ئۆپەراسیۆنی "شلوز" کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاساییشی پۆڵەندا ئاڕاستە کراوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو ئۆپەڕاسیۆنە بریتییە لە ناسەقامگیرکردنی ئەوروپا. پۆڵەندا پێداگرە لەسەر ئەوەی ئەو کارە پوچەڵ بکاتەوە. بەم مەبەستەش هێزی پاسەوانی سنور بە هاوکاری سوپای پۆڵەندا بەرپەرچی هەر جۆرە هەوڵێکی سنوربەزاندن دەداتەوە، ئەوانەش کە هەوڵی چوونە ناو خاکی پۆڵەندا دەدەن بەو ڕێگە نایاساییە دەبێ هۆشیاری ئەوەیان هەبێت کە وەکو هەڕەشە بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی پۆڵەندا ئەژمار دەکرێن بێ گوێدانە ئەوەی ئامانجی کۆچکردنیان چیە.

## 2 - ئۆپەڕاسیۆنی شلوز، بەکارهێنانی کۆچبەران وەکو چەکی دیمۆگرافی

بیرۆکەی ئۆپەڕاسیۆنی شلوز لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١١ سەری هەڵدا، کاتێک ڕژێمی بیلاڕوس ویستی پرسی کۆچکردن بەکار بهێنێت لە بەرانبەر یەکێتی ئەوروپا بۆ ناچارکردن بە پێدانی سەرانە (بەبیانوی پاراستنی سنورەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا لە کۆچی نایاسایی، کە لە ڕاستیدا ڕژێمەکە خۆی ڕێکی دەخست). ئەو بیرۆکەیە دەچێتە خانەی جەنگی دیموگرافی، واتا بەکارهێنانی خەڵکی سڤیل بۆ دروستکردنی لێشاوی کۆچکردن، وەکو چەکێک دژی وڵاتێکی دیکە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی ستراتیژی. خەڵکی سڤیل لێرەدا کەسانی هێرشکەر نین، بەڵکو ئامرازن. ئامانجی بەکارهێنانی خەڵکی سڤیل جۆراوجۆرە، لەوانە دەسکەوتی دارایی (بۆ نمونە تورکیا لە ساڵی ٢٠١٥ بەم مەبەستە ٦ ملیار دۆلاری لە یەکێتی ئەوروپا دەست کەوت)، هەروەها ئامانجی سازشی سیاسی، ناسەقامگیرکردنی وڵاتان و هتد.

**بۆ ئەوەی تێبگەین بیلاڕوس و ڕوسیا چ ئامانجێکیان لەوە بەدەست هێناوە، لە مەسەلەی ئەو ئۆپەڕاسیۆنەی کە لە ساڵی ٢٠٢١ دەستی پێکردووە، دەبێت کۆی ڕووداوەکان بزانین. لە مانگی ئۆگوستی ساڵی ٢٠٢٠ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە بیلاڕوس بەڕێوەچوو. دەسەڵاتداری ئەم وڵاتە ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ کە لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە سەرۆکە، لەم هەڵبژاردنە شکستی هێنا (ئەمەش بە گوێرەی دەزگا سەربەخۆکانی ئەم وڵاتە)، بەڵام ئەنجامەکانی دەسکاری کرد و سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی سەرتاسەری کە دواتر بەشێوەیەکی توندوتیژ سەرکوت کرا.**

ڕەنگە ئەوە شتێکی سەیر بێت بۆ خەڵکی عێراق، بەڵام عێراق وڵاتی زۆر دیمۆکراتیترە لە بیلاڕوس. لە عێراق هەڵبژاردنەکان ساختە ناکرێن، هەموو کەس دەتوانێت خۆی کاندید بکات، و میدیاکانیش بەم شێوەیە لەژێر باڵی یەکلایەن نین. ئوکاشێنکۆ لە ساڵی ١٩٩٩ فەرمانی کوشتنی ڕکابەرەکانی خۆی دا کە ئەوانە بوون: ڤیکتۆر هارانچ، یوری زاخارانکا، ئاناتۆل زاکراوسکی، هەروەها ڕۆژنامەنوس دیمیتری زاڤادسکی. دوای ئەوە هەرچی میدیای سەربەخۆ هەبوو لەناوی برد، ڕاوەدووی هەموو ئۆپۆزسیۆنی نا، زۆر لە نەیارەکانی خۆی خستە زیندانییەوە، لەوانەش ڕکابەرەکانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و هەندێکیشی ناچار بە کۆچ کرد بۆ دەرەوەی وڵات. زۆر لەوانەی کە بەشداری پرۆتێستەکانیان کردبوو، ئەوانەی کە نەیانتوانی ڕابکەن بۆ وڵاتی پۆڵەندا، دەسگیرکران و لە زیندانەکان دان (سزای زیندانی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ). عێراقییەکان دەزانن کە خۆپیشاندان تاوان نیە، چونکە لە زۆرجار لە شارەکانی بەغدا و بەسرا و هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە. لە بیلاڕوس ئەوە بە تاوان لەقەڵەم دەدرێت.

**یەکێتی ئەوروپا دانی بە ئەنجامی هەڵبژاردەکانی بیلاڕوس نەنا و بڕیاری دا ئوکاشێنکۆ کەنارگیر بکات. دۆخەکە لە ٢٣ی مایسی ٢٠٢١ زێتر پەرەی سەند کاتێک فڕۆکەی سڤیلی لە ئاسمی بیلاڕوس ناچار بە نیشتنەوە کرا لە مینسک کە لە ئەتیناوە بۆ ڤیلنۆ گەشتی دەکرد، ئەوەش لە ژێر هەڕەشەی تەقاندنەوە. ئەو ئۆپەڕاسیۆنی تیرۆریستییە ئەنجامدرا بۆ دەسگیرکردنی چالاکوانی بیلاڕوسی ڕۆمان پراتاشێڤیچ کە لەناو فڕۆکەکە بوو، کە دواتر سزای زیندانی کردنی بەسەر سەپێنرا بۆ ماوەی ٨ ساڵ. یەکێتی ئەوروپا بڕیاری دا سزای ئەم وڵاتە بدات لەوانە لە ڕێگەی داخستنی ئاسمانەکەی.**

بەگەڕخستنی ئۆپەڕاسیۆنی شلوز لە لایەن ڕژێمی ئوکاشێنکۆ لە ڕێگەی هێنانی خەڵکی عێراق، بریتی بوو لە کاردانەوەی ئوکاشێنکۆ دژی ئەو بڕیارانەی یەکێتی ئەوروپا. ئامانجی ئەوەش ئەوە بوو یەکێتی ئەوروپا پاشگەز بێتەوە لە سزاکانی و وازبێنێت لە پشتیوانی کردنی ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕوسی و دان نان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. پاڕادۆکس ئەوە بوو کە ئەو کۆچبەرانەی دەیانوسیت بەشێوەیەکی نایاسایی سنورەکان ببڕن و خۆیان وەکو ئاوارە دادەنا (تەنها تاکوتەرا ئاوارەیان تێدابوو)، بوونە ئامرازێک دژی ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕوس. پۆڵەندا ڕێگەی بەوە نەدا و بڕیاری دا سنورەکان دابخا و بەوپەڕی پێداگرییەوە پلانەکانی ئوکاشێنکۆ پوچەڵ بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە کۆچبەرانی هاتوو بۆ بیلاڕوس باجەکەیان دا کە زۆربەیان خەڵکی عێراق بوون و بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردستانەوە.

**بەڵام ئامانجەکانی ئۆپەڕاسیۆنی شلوز فراوانتر بوون. لە سێپتێمبەری ٢٠٢١ لە ئەڵمانیا هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەچووو تارمایی دووبارەبوونی قەیرانی کۆچکردن دیسانەوە بەرۆکی ئێلیتی سیاسی گرت. هاتنی بەلێشاو و کۆنترۆڵنەکراوی کۆچ دەبێتە دروستکردنی گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی و پێکدانان و هەڕەشەی تیرۆریستی و زۆربوونی هێزە توندئاژۆکان. لێرەدا گرنگ نیە ئایا گرووپی کۆچبەرەکان بە ڕاستی دەبنە مایەی هەڕەشە یان نا، چونکە دەرەنجامە نێگەتیڤەکان لە کۆی ڕووداوە جیاوازە سۆسیۆلۆژییەکان دروست دەبن.**

به تایبەت ترسی ئەوە دروست بوو کە هاتنی بەلێشاو دەبێتە زیندووکردنەوەی ڕەوتە دژی کۆچبەری و دژی ئیسلام و ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی وەکو پارتی ڕاستڕەوی ئەڵمانی توندڕەو (AFD)، کە قسەکەری بەرژەوەندییەکانی ڕوسیایە لە ئەڵمانیا. سەرکەوتنی پارتی ناوبراو لە هەڵبژاردنەکان و قەیرانی سیاسی لە قازانجی ڕوسیا و بیلاڕوس دەبوو. ئەو قەیرانەش دەبووە هۆی لاوازکردنی یەکێتی ئەوروپا و ملکەچبوونی ئەڵمانیا.

ئۆپەڕاسیۆنی شلوز ئامانجی ئەوەش بوو لە سومعەی پۆڵەندا بدات لە بەرانبەر ڕای نێودەوڵەتی، ببێتە هۆی دروستکردنی قەیرانی ناوخۆیی و پارچە کردنی کۆمەڵگە و دەزگا حکومییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئامانج ئەوە بوو کە ئەگەر پۆڵەندا نەتوانێت بەرەنگاری ئەو قەیرانە ببێتە ئەوا دەبێتە هۆی لاوازبوون و لێدن لە پێگەی وەکو وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا، مەبەش مەترسی بۆ سەر دامەزراوەیی بوونی وڵاتی پۆڵەندا دروست دەبوو، ئەوساکە یەکێتی ئەوروپا دەچووە ناو دانوستان لەگەڵ ڕوسیا و بیلاڕوس و بێ گوێدانە پۆڵەندا. بەڵام هێزەکانی پاسەوانی سنور ئەو پلانەیان پوچەڵ کردەوە.

بەڵام بەداخەوە ئەوە بووە هۆی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک درۆ و دەلەسە سەبارەت بەوەی پۆڵەندا وڵاتێکی ڕاشیزمە و دەزگا ئەمنییەکان خراپ مامەڵەیان کردووە. ئەوە لە کاتێک کە سنوری پۆڵەندا بیلاڕوس زۆر ترسناکە، ڕوبارێکی تیایە کە بە ئاسانی دەکرێ مرۆڤ تێیدا بخنکێت، دارستانی چڕ و زەلکاوی لێیە، کە ئاژەڵی کێوی تێدایە و مرۆڤ بە ئاسانی لەناوی بزر دەبێت. حاڵەتی وا هەیە کە کەسانێک بزر بوون و لە سەرما ڕەق بوونەتەوە، بە زستانیش توشی ووشکبوونەوەی جەستە دەبن. پۆڵەندا بەرپرس نیە لەو ڕووداوانەی سنور، بەڵام دەخوازێت ئاگاداری هەموو لایەک بکاتەوە لە دووبارە بوونەوەی ئەو تراژیدیایە.

### 3 - شێوازی بەکارهێنانی کۆچبەران لە لایەن دەزگاکانی بیلاڕوس

**لەوبەر سنوری بیلاڕوس، هێزە ئەمنییەکان ئازاری کۆچبەران دەدەن و ناچاریان دەکەن بۆ کۆچ هێنان، بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی لێکەوتنەوەی کارەسات. حاڵەت هەیە بە تەواویش بەدۆکومێنت کراوە، کە چۆن هێزەکانی بیلاڕوس لە کۆچبەرێک دەدەن تا ئاستی مردن، ئەنجا ناچاری دەکەن بۆ ئەوەی بەرەو سنوری پۆڵەندا بڕوات و لەوێ بمرێت، ئەنجا تاوانەکەش بخەنە ئەستۆی پۆڵەندا. ئەو کارەش دەکەن بۆ ئەوەی چاوی میدیاکان بۆ ڕووداوەکان کێش بکەن و وای نیشان بدەن کە هۆکاری ئەو کارەساتانە ئەوەیە پۆڵەندا هاوکاری کۆچبەران نادات.** ڕاستی ئەوەیە کە دەزگا ئەمنییەکانی پۆڵەندا لەسەر سنورن بۆ ئەوەی سنورەکان و ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزن نەوەک فریا بکەون بۆ ڕزگارکردن، چونکە ئەوکاتە دەبێت سنورەکانی بیلاڕوس ببڕن بۆ گەیاندنی هاوکاری، ئەوەش بە مانای بەزاندنی سنوری وڵاتێکی بێگانە دێت، ئەنجا وڵاتێکی دوژمنی وەکو بیلاڕوس، کە تەنها لە بوارێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی وڵاتی پۆڵەندا تاوانبار بکات بە تاوانی دەستدرێژی. ئەوەش کارێکی ڕێگەپێدراو نیە. **تەنانەت لە ناو خاکی پۆڵەنداش گەڕان بە دوای برینداران زەحمەتە، چونکە ڕادەکەن لە دەستی هێزە ئەمنییەکان و دەیانەوێ گەشتەکەیان بۆ وڵاتی ئەڵمانیا تەواو بکەن. چونکە هەر خۆڕادەستکردنێت واتا کۆتایی هێنان بە گەشتەکەیان کە پارەیەکی زۆریان بۆ داوە.**

**هەر کەسێک ڕێگەی بیلاڕوس دەگرێتە بەر دەبێت درک بەوە بکات کە هێزە ئەمنییەکانی بیلاڕوس فەرمانیان هەیە بەشێوەیەکی وەحشیانە مامەڵە لەگەڵ کۆچبەران بکەن و دژی پۆڵەندا بەکاریان بهێنن. هیچ خەیاڵێکی ژیانێکی خۆش شایانی ئەوە نیە ژیانی خۆتی بۆ بخەیە مەترسیەوە بە دەستی ڕوسەکان و بیلاڕوسەکان. کەسیش ناتوانێت پۆڵەندا لە بەرانبەر ئەوە تۆمەتبار بکات.**

یەکێکی دیکە لە بەربەستەکان بۆ پاراستنی سنوری وڵات دانانی بەربەستێکی ئەلیکترۆنی بە درێژایی ٢٠٦ کیلۆمەتر لەگەڵ پەرژینێک بە بەرزی ٥،٥ مەتر کە بە تێلی تیژ بەستراوە لەگەڵ سیستەمی مۆنیتۆرینگ (کامێرا). هەر هەوڵێك بۆ بڕینی ئەو پەرژینە دەبێتە هۆی سزادان و زیندانی کردن بۆ ماوەی چەندین ساڵ، دوای ئەوەش دیپۆرتی وڵاتەکانی خۆیان دەکرێنەوە و ئیتر ناتوانن بێنە ناو خاکی پۆڵەندا و هیچ وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەوروپا. بەزاندنی سنور بە واتای ئەوە نایەت کە کۆچبەری نایاسایی دەتوانێت بێتە ناو خاکی پۆڵەندا، بەڵکو هێزی پاسەوان کەسەکە سنورداش دەکەنەوە بۆ وڵاتی بیلاڕوس. هێزەکانی پاسەوانی سنور ڕاستەوخۆ دوای دەسگیرکردن ئەو کارە ئەنجام دەدەن. ڕۆژانە دەیان کەس بەم شێوەیە ڕەوانەی ئەودیو سنور دەکرێنەوە. تەنها لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢٣ ٣٧٠ تاوانبار دەسگیرکراون کە هاوکار بوون بۆ پەڕاندنەوەی کۆچبەرانی نایاسایی.

کۆچبەرانی هاتوو بۆ بیلاڕوس نەك تەنها بۆ سنوری پۆڵەندا بەڵکو بۆ سنورەکانی لیتوانیا و لاتیڤیاش ڕاپێچ دەکرێن. جیا لەوانەش سنورەکانی فینلەنداش دووچاری پەلاماری لەم جۆرە بووەتەوە، هەر بۆیە وەکو پۆڵەندا بڕیاری دا پەرژینی کارەبایی دروست بکات بۆ ڕێگرتن لە کۆچی نایاسایی. هەموو ئەو کردەوانە لە لایەن هەریەک لە ڕوسیا وبیلاڕوس بەشێکن لە جەنگی هیبرید (جەنگی تێکەڵاو) دژبە وڵاتانی ڕێکخراوی ناتۆ و ئەوانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنرێن دەبێت هۆشیاری ئەوەیان هەبێت کە بەم کردارەیان دەبنە بەشێک لەو جەنگە ئەگەر بیانەوێ یان نا. بۆیە دەمانەوێ ئاگاداریان بکەینەوە لەوە.

**هەموو ئەوانەی دێن بۆ بیلاروس بە مەبەستی کۆچکردن بۆ ئەوروپا، دەبێت هۆشیاری ئەوەیان هەبێت کە پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و بیلاڕوس لەگەڵ وڵاتی پۆڵەندا پەیوەندییەکی دوژمندارانەیە. ڕوسیا و بیلاڕوس پێکەوە دەیانەوێ دۆخی ناوخۆی پۆڵەندا تێکبدەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆچبەران. ئەوە بەشێکە لەو جەنگە تێکەڵاوەی کە ڕوسیا بەرپای کردووە دژی پۆڵەندا، کە پێی دەگوترێت جەنگی هیبرید.** هاتنی بەلێشاوی کۆچبەران بۆ پۆڵەندا بە مەبەستی ئەوەیە دام و دەزگاکان بخرێنە ژێر پرسیارەوە و متمانەی کۆمەڵایەتی پێ لەکەدار بکرێت، بۆ نمونە هێزی پاسەوانی سنور و سوپا و پۆلیس. هەروەها ببێتە هۆی جەمسەرگری کۆمەڵایەتی و هێز و لایەنەکانی ناوخۆ دژی یەک بوەستن، لە کۆتاییدا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی (بۆ نمونە پەلاماردانی کۆچبەران).

| |
|---|
| ئۆپەڕاسیۆنی شلوز پەیوەندییەکی نزیکیشی هەیە لەگەڵ پەلامارەکانی ڕوسیا بۆ سەر ئوکراینا. بۆیە هەر کەسێک بەناوی کۆچی نایاسایی دەیەوێت سنوری پۆڵەندا ببڕێت دەبێت بزانێت کە خۆی دەخزێنێتە ناو شەڕ و ململانێی خوێناوی کە تیایدا دەیان هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە. وەکو ئەوە وایە لە کاتی جەنگی داعش بچیتە موسڵ و دواتر درک بەوە بکەیت کە شوێنەکەت مەترسیدارە. |

**هێنانی بەلێشاوی کۆچبەرانی نایاسایی بۆ سەر سنوری پۆڵەندا ئامانجێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو ڕوسیا پێش ئەوەی پەلاماری پلان بۆ دانراوی سەر ئوکراینا جێبەجێ بکات. خوازیاری ئەوەبوو تواناکانی پۆڵەندا تاقی بکاتەوە کە ئایا دەتوانێت ئاوارە لەخۆی بگرێت یان نا.** هەشت مانگ دوای ئۆپەڕاسیۆنی شلوز جەنگی ئوکراینا دەستی پێکرد. پۆڵەندا چەند ملیۆنێک ئاوارەی ئوکرایناى وەرگرت. **هێزەکانی ڕوسیا و بیلاڕوس خوازیاری ئەوە بوون کۆمەڵگەی پۆڵەندی پاشگەز بکەنەوە لە هاوکاری کردنی ئاوارەکان، لە کاتێک کە دەیانزانی بەم زووانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئاوارە ڕوو لەم وڵاتە دەکەن.** ئەوان دەیانویست ئاگایی حکومەتی پۆڵەندا و هێزەکانی بەلاڕێدا ببەن و لە توانایان نەبێت کاردانەوەیان هەبێت بۆ سەر ڕووداوەکانی ناوخۆی ئوکراینا و سنورەکانی ئوکراینا و پۆڵەندا. ئەگەر پۆڵەندا سنورەکانی لەگەڵ بیلاڕوس بکردایەوە بۆ کۆچی نایاسایی ئەوساکە سەرقاڵییەکانی دوو هێندە دەبوون و نەیدەتوانی سەرەنج بخاتە سەر ڕووداوەکانی ئوکراینا. لێرەدا مەبەست ئەوە نەبوو کە ئەوانە خەڵکی کوێن و خەڵکی کوێ نین، بەڵکو جیاوازی لەوەدایە کە خەڵکی ئوکراینا بەهۆی جەنگ ئاوارە دەبوون، بەڵام ئەوانەی سنوری پۆڵەندا و بیلاڕوس کۆچبەری نایاسایی بوون و بەهۆی جەنگ ڕایان نەکردبوو، کە زۆربەشیان لە ڕەگەزی نێر بوون. **پۆڵەندا دەزانێت کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بارودۆخ شلۆقە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەنگ لە ئارادا نیە. لە بەسرا و بەغدا و هەولێر و سلێمانی ڕۆژانە بۆمباران ناکرێن، بەڵام لە ئوکراینا جەنگ لە ئارادایە. دروستکردنی تەوژمی دژە کۆچ لە وڵاتی پۆڵەندا، وەکو دەرەنجامێکی ئۆپەڕاسیۆنی شلوز، ئامانجی ئەوەی لە پشت بێت کە حکومەت نەتوانێت هاوکاری ژن و منداڵانی ڕاکردووی ئوکراینی بدات. پۆڵەندا نەیدەتوانی ڕێگە بەوە بدات، چونکە ئەوە کارێکی دوور لە ڕەوشت و مۆڕاڵ بوو.**

ئامانجێکی دیکە هێنانی بەلێشاوی کۆچبەرانی نایاسایی بۆ پۆڵەندا بە ئامانجی پەردەپۆش کردنی کاری تێکدەرانە بوو لە دژی پۆڵەندا. مەبەست لێرە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستییە لەژێر ناوێکی ساختە و کەوتنەوەی ڕووداوە لە سنور بە بەشداری بەکرێگیراوانی ڕوسیا. بۆ ئەم مەبەستەش ڕوسیا کامپێکی دروست کرد لە بیلاڕوس نزیک سنوری پۆڵەندا بە بەشداری هێزەکانی ڤاگنەر کە لە ڕوانگەی پۆڵەنداوە باندی مافیا و تیرۆریستن. هێزەکانی ڤاگنەر فەرمانی دەسەڵاتدارانی ڕوسیا

جێبەجێ دەکەن (جگە لەوەی کە سەرکردەی ئەو هێزە پریگۆژین لە لایەن ڤلادیمێر پوتین لەناوبرا)، خەڵکی بێگانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریکا بۆ ڕیزەکانیان کێش دەکەن. ڕاپێچ کردنی بەلێشاوی کۆچبەران بۆ سەر سنوری پۆڵەندا هەڕەشەیەکی دیکە دروست دەکات، پۆڵەنداش دەبێت پێش هەموو شتێک هاوڵاتییانی خۆی بپارێزێت. بۆ ئەم مەبەستەش ١٠ هەزار سەربازی سوپا نێردرانە سنورەکان بە هاوکاری هیلیکۆپتەر و گوێزەرەوەی دژە تۆپ.

توێژینەوەی ڕای گشتی پۆڵەندا بە یەکدەنگی دەری دەخەن کە خەڵکی پۆڵەندا پشتیوانی هەوڵەکانی هێزەکانی پاسەوانی سنور دەکەن لەگەڵ بیلاڕوس لە دژی هەر جۆرە سنوربەزاندنێکی نایاسایی کۆچبەران و چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە دەسەڵاتداران کە ئاساییشیان فەراهەم بکات و سنورەکان توندوتۆڵ ڕابگرێت. پۆڵەندا وڵاتێکی دیمۆکراتییە و دەسەڵاتیش دەبێت خواستی هاوڵاتییانی جێبەجێ بکات لە پاراستن و ئاساییشی هاوڵاتییانی. ئەوە شتێکی ئاساییە لە هەموو وڵاتێک، بۆیە نابێت کەس چاوەڕێی شتێکی دیکە لە ئێمە بکات. **پۆڵەندا ناخوازێک کەسانێک کە فێڵیان لێ کراوە لە سەر سنورەکان گیان لەدەست بدەن کە لە لایەن ڕوسیا و بیلاڕوسەوە ڕاپێچ کراون. ئەوەش ناخوازین کە تاوانباران لەسەرگیرفانی کەسانی خەڵەتێنراو قازانج بکەن، بۆیە بانگەوازی هەمووان دەکەین کە ئەم ڕێگایە نەگرنە بەر بۆ بیلاڕوس بۆ بڕینی سنور و کۆچی نایاسایی.**

**4 - ئامانجەکانی ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ سەبارەت بە بەکارهێنانی کۆچبەران: تێکدانی دۆخی ئەوروپا و ناسەقامگیرکردنی پۆڵەندا**

هاتن بۆ بیلاڕوس ڕێگەیەکی ئاسان نیە بۆ کۆچکردن بەرەو ئەوروپا، بەڵکو بەشێکە لە ملمانێی نێوان ڕوسیا و بیلاروس لەگەل پۆڵەندا و وڵاتانی ئەوروپا. ئەو ململانێیە بەشێکە لە سیاسەتی توندوتیژ و داگیرکارانەی ڕوسیا کە دەتوانین ئەنجامەکەی لە وڵاتی دراوسێی هەریەک لە ڕوسیا و بیلاڕوس و پۆڵەندا، واتا لە ئۆکراینا ببینین، کە تیایدا بە هۆی پەلاماری ڕوسیا جەنگ بەرپابووە. لە ئەنجامی ئەو جەنگە نزیکەی سەت هەزار کەس کوژراون، سەدان هەزار بریندارن و ملیۆنەها خەڵکی سڤیلیش ڕایانکردووە و پەنایان بۆ وڵاتان لەوانە بۆ پۆڵەندا بردووە. **هەموو جۆرە پەڕینەوەیەکی نایاسایی بۆ سنوری پۆڵەندا لەژێر هەر ناوێک بێت لەو باردودۆخەدا بریتیە لە کارێکی شێتانە و وەکو کردەیەکی دوژمنانە بۆ سەر پۆڵەندا و ئاساییشی ئەو وڵاتە ئەژمار دەکرێت. ئایا دەکرێ ئەو بێنینە بەرچاومان کاتێک داعش هێرشی کرد، هێز و سوپای عێراق و هەرێمی کوردستان چاوپۆشی بکەن لە هاتنی کۆچبەران بۆ ناوخۆی وڵات بەشێوەیەکی نایاسایی و بێ ئەوەی ئەژمار بۆ هیچ یاسا و ڕێسایەکی وڵات بکرێت؟ کەواتە زەحمەتە چاوەڕێی ئەوە بکەین وڵاتی پۆڵەندا بەشێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوت بکات وەکو ئەوەی پێویستە لەسەری بۆ پاراستنی ئاساییشی وڵاتەکەی.**

پۆڵەندا جیاکاری دەکات لە نێوان کۆچبەر و ئاوارە، بێ گوێدانە ئەوەی کە سەر بە چ ئایینێکن و ڕەنگی پێستیان چ ڕەنگێکە، بەڵکو هۆکاری بڕینی سنور بڕیاردەری سەرەکییە. هەمان شت لە عێراق ڕوویدا لە کاتی شەڕی داعش. ئاوارەکان ئەوانە بوون کە لە دەست تیرۆریستان ڕایانکرد لە موسڵ و شەنگال و تەلەعفەر و ئەو شوێنانەی کە داعش داگیری کردبوون. ئاوارەکان لە بەنگلادش و فلیپین و جۆرجیا و پاکستانەوە نەبوون کە ئێستا لە هەولێر و بەغدا و نەجەف کاردەکەن. یاخود لە وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریکا نەبوون، کە ئامانجی خراپیان هەبێت بۆ نمونە ئامانجیان ئەوە بێت جاسوسی بکەن یان کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی ئەنجام بدەن یان مەبەستیان بووبێت بچنە

ڕیزەکانی داعش. هەر بۆ ئەمەیە کە هێزی پاراستنی ئاساییش هەن و دەبێت هەموو شتێک بپشکنن. لە بارودۆخی هەبوونی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، کە ئێستا وڵاتی پۆڵەندا لەو دۆخەدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەک عێراق لە کاتی جەنگی داعش هەیبوو، ئەو ڕێسایانە زێتر توند دەکرێن و ئەو کەسانەش کە بیانەوێ ئەو ڕێسایانە بشکێنن دووچاری کاردانەوەی توند دەبنەوە.

پۆڵەندا ئاوارەی لە وڵاتی ئوکراییناوە وەرگرت بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە ئاوانە خەڵکی ئوکرایینان یان قوتابی و ئیشکەری بێگانەن لەم وڵاتە دەژین، لەوانیش عێراقی، کورد، عەرەب، هیندی و موسوڵمان و هتد. هەمووشیان دەبووایە لە خاڵی سنوری بێنە ژوورەوە و پشکنینیان بۆ بکرێت و ناسنامەی خۆیان نیشان بدەن و بۆ ئەوەی فەرمانی هێزی پاسەوانی سنور جێبەجێ بکەن. هەمان شت کاتێک خەڵکانێک لە سنوری داعشەوە ڕایاندەکرد. **ئایا هێزە عێراقییەکان بە سوپا و پێشمەرگەوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کەسانێک یان گروپێک دەکرد کە لە سنورەکانی داعشەوە بێن و بیانەوێ خاڵی کۆنترۆڵ کردن ببەزێنن و ڕابکەن لەدەست پۆلیس و هێزەکانی سنور؟ یان بە ئاسن و دار پەلاماری هێزەکانی عێراقییان بدایە؟ بە تایبەتی ئەگەر تیرۆریستانی داعش سەرکردایەتییان بکردنایە؟ بەم شێوەیە ئەو هێزانەی دژی وڵاتی پۆڵەندان مەبەست هێزەکانی بیلاڕوسە، گروپی شەڕکەر و تێکدەر ئامادە دەکەن بۆ پەلاماردانی پۆڵەندا و هێزەکانی پاسەوانی سنور و سوپا. دەیانەوێ بەم شێوەیە ببنە هۆی ڕشتنی خوێن بۆ وروژاندن.**

ئەو کۆچبەرانەی دەیانەوێ بەشێوەیەکی ناشەرعی سنوری نێوان پۆڵەندا- بیلاڕوس ببەزێنن، دەبنە هۆکاری مەترسی بۆ سەر پۆڵەندا و هەموو یەکێتی ئەوروپا و دەبێت حیساب بۆ ئەوە بکەن کە دووچاری هەمان ئەو کاردانەوەیە دەبنەوە کە کاتێک کەسێک لە سنورەکانی داعشەوە دەهات و دەیویست خۆی لە کۆنترۆڵ کردن بدزێتەوە. بۆ وڵاتی پۆڵەندا جیاوازی نیە لە نێوان داعش و ڕژێمی پوتین و دیکتاتۆری ژێر دەستی ئەو "ئۆکاشێنکۆ". پوتین لەپای ئەو تاوانانەی ئەنجامی داون ئێستا داواکراوە لە لایەن دادگای سزادانی نێودەوڵەتی، ئەوەش تازە سەرەتایە. ڕوسەکان و دەزگا سەربازییەکانی ئوکاشینکۆ بەرپرسن لە چەندین تاوانی بێ ویژدانانە، دەستدرێژی و کوشتن. هەرکەسێک بچێتە ناو پلانی پوتین و ئوکاشێنکۆ دژی پۆڵەندا، دەبێت چاوەڕێی دەرەنجامی توندوتیژ بکات.

**5 - کۆچی نایاسایی وەکو کاریگەریی کردە تاوانکارییەکان (قاچاخچێتی) و هەروەها ڕێگەی یاسایی بۆ هاتنە پۆڵەندا**

**پروپاگەندەی ڕوسی و بیلاڕوسی دەخوازێت وێنەیەکی ناشیرینی وڵاتی پۆڵەندا و هەڵوێستی بەرانبەر ئاوارەکان نیشان بدات.** ئەو ڕاستییەی کە پۆڵەندا چەند ملیۆنێک ئاوارەی ئوکرایینای وەرگرتووە و لە لایەکی تر لەسەر سنوری بیلاڕوس دیوارێکی کۆنکریتی دروستکردووە، هەموو ئەوانە دیپۆرت دەکاتەوە کە دەیانەوێ سنوری وڵاتەکە ببەزێنن، گوایا ئەوە دووڕوویی ڕاشیزمی پۆڵەندا دەردەخات. بەڵام ئەوە بە تەواوی قسەی هەڵبەستراوە. پێش هەموو شتێک ئەوانەی لە ئوکراییناوە دێن کەسانێکن لە ناوچەی جەنگەوە هەڵاتوون بەرەو پۆڵەندا، هەروەک ئەوانەی کە لە دەستی داعش ڕایاندەکرد بەرەو هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری ژێر کۆنترۆڵی سوپای فیدراڵی عێراق. بەڵام ئەوانەی کە سنوری بیلاڕوس-پۆڵەندا دەبەزێنن، ئەوانەن کە بە شێوەیەکی یاسایی چوونەتە بیلاڕوس، ئەوەش لە ڕێگەی کۆمپانیای تایبەت و هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕژێمێکی دوژمنی وڵاتی پۆڵەندا، ئەنجا دەیانەوێ یاسای پۆڵەندی بشکێنن و مەترسی دروست بکەن بۆ سەر ئاسایشی پۆڵەندا. ئایا ئەوانە بە هۆشیاری ئەو کارەیان هەیە کە دەیکەن یان نا ئەوە هیچ گرنگییەکی نیە. **پێویستە ئەوەش بڵێین کە پۆڵەندا دەیان هەزار ئاوارەی لە بیلاڕوسیشەوە وەرگرتووە (هاوڵاتی بیلاڕوس)، کە هەڕەشەی**

**زیندانی کردن و ئەشکەنجەدانیان لەسەر بووە، چونکە ئۆپۆزسیۆن بوون دژی دەسەڵات.** ئاوارە ئەو کەسانەن کە بەهۆی جەنگەوە هەڵدێن یان ڕاوەدوو دەنرێن، نەک ئەوانەی کە حەز دەکەن لە وڵاتێکی دیکە بژین و بۆ ئەوەی باشتر بژین.

**لە ڕوانگەی ڕێساکانی ئاسایشی بەزاندنی سنوری پۆڵەندا ئەوەش گرنگ نیە، کە ئایا ئەو کەسانەی هاتوونەتە بیلاڕوس دووچاری مەترسی دەبنەوە یان نا، ئایا سەگیان تێبەردەدرێت لە لایەن سەربازانی بیلاڕوسەوە، یان ئازار دراون و ڕاپێچ کراون بۆ سنورەکانی پۆڵەندا، یان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە وەکو نیوەمرۆڤ. بەڵێ ئەوهایە بیلاڕوسی ئوکاشێنکۆ، هەر کەسێک بیەوێت بۆ ئەوێندەر بچێت ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەو دەرەنجامە بکات. ئەو کۆمپانیایانەی کە کۆچبەران دەهێنن بۆ بیلاڕوس درۆ دەکەن و دەبێت گلەیی لەوان بکرێت، نەك لە پۆڵەندا. پۆڵەندا بەرپرسیارێتی ئەو هەڵناگرێت کە چۆن کۆچبەران مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لە وڵاتی بیلاڕوس، دەزانین کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە، هەروەک چۆن داعش مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی دەکرد.** پۆڵەندا دانوستان ناکات لەگەڵ تیرۆریستانی ئوکاشێنکۆ، کە وەکو بارمتە مامەڵە لەگەڵ کۆچبەران دەکەن و بەکاریان دەهێنن بۆ گەمەی سیاسی خۆیان و تراژیدیای مرۆیی. ئەگەر پۆڵەندا دانوستانی بکردایە لەگەڵ بیلاڕوس لەسەر ئەو پرسە، ئەو کاتە دەبووە هۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆرتری کۆچبەران و دروست کردنی مەترسی لەسەر ژیانیان، چونکە ئەو پلانی تیرۆریستانی ڕوسی و بیلاڕوسی بوو.

لەبەر ئەوە پۆڵەندا سنورەکانی خۆی ناکاتەوە بۆ هیچ کەسێک، کە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە لایەن پیاوکوژانی ڕوسی-بیلاڕوسی. لقی ئەو کۆمپانیایانە کە بەم کارانە هەڵدەستن لە وڵاتان، لەوانە لە عێراق بەرپرسن لەوە، کە ئەم جۆرە کۆچکردنە ڕێك دەخەن، پێویستە هەرچی زووە دابخرێن و خاوەنەکانیشیان وەکو تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە وەکو خانەی تیرۆریستانی داعش خەڵک هان دەدەن بۆ چوونە ناو ئەو گروپە. پرسێکی شەرەفە کە خانەوادەکانی ئەو کۆچبەرانە هەستن بە سزادانی ئەو تاوانبارانە کە خەڵیان بەرەو هەندەران برد. چونکە ئەوە تاوانی ئەوانەیە کە ئەو جۆرە گەشتانە ڕێکدەخەن و پارەیەکی زۆریش لەپای ئەوە وەردەگرن، نەک تاوانی پۆڵەندا، کە بەرگری لە سنورەکانی خۆی دەکات وەک ئەوەی هەموو وڵاتێک دەیکات.

ئەوەش گرنگیی نیە کە ئایا ئەو کۆچبەرانە دەیانەوێ بێنە بۆ پۆڵەندا یانیش پۆڵەندا وەکو وڵاتێکی ترانزیت بەکاربهێنن و ئامانجیان وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی بێت، بە تایبەتی ئەڵمانیا. ڕاستییەک هەیە، لە هیچ کام لە بانگەشەکان وڵاتی پۆڵەندا وڵاتی ئامانج نیە، کەواتە مەبەستی کۆچبەران دۆزینەوەی پەناگەیەک نیە لە پۆڵەندا. بەداخەوە، ئەگەر کەسێك پۆڵەندا وەکو ڕێگەیەک بەکاربهێنێت کە بە ئاسانی دەستی بگاتە وڵاتانی دیکە و ئەوی بیخوازێت بیکات، ئەوە نەک تەنها بێ ڕێزیە بەرانبەر ئەو وڵاتە، بەڵام هەڵەیەکی گەورە دەکات. ئایا هیچ کەسێک حەزدەکات کەسێکی بێگانە بە ئاسانی بەناوماڵی دا تێپەڕێت؟

**سنوری نێوان پۆڵەندا و بیلاڕوس سنوری دەرەوەی یەکێتی ئەوروپایە، پۆڵەنداش پابەندە بە پاراستنی. پۆڵەندا ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنێت لە ئاستێکی نێودەوڵەتی. بۆیە کاتێك کەسێک سنوری پۆڵەندا دەبڕێت، ئەوە ئەگەر بێت و لە زەلکاوەکان نەخنکێت یان لە سەرمان ڕەق نەبێتەوە، ئەوا لە زۆرترین ئەگەردا لە ڕێگای ئەڵمانیا دەسگیر دەکرێت.**

ئەوە ڕێگایەکی دوورە، ئەو تاوانبارانەی کە کۆچبەران دەبەن بۆ وڵاتان، مامەڵەی ئاژەڵ بۆ کۆچبەران دەکەن، لە ناو جانتا و سندوق تەسکی بارهەڵگر بێ هەبوونی هەواگۆڕکێ. لەو بارودۆخەدا دەبێت چەند سەت کیلۆمەترێک بەڕێگا بڕۆن و زۆربەی زۆریشیان لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی پۆڵەندا دەسگیردەکرێن. بەڵام لەوەش خراپتر کە دووچاری کۆچبەران ببێتەوە ئەوەیە، کە لە ڕێگادا ئەگەری مردنیان هەیە بەهۆی خنکانەوە لەبەر نەبوونی مەرجی مرۆیی لەکاتی گواستنەوەیان.

ناتێگەیشتوویە ئەگەر وابزانن  دەزگا ئەمنییەکانی پۆڵەندا ڕێگری ناکەن لە کۆچی نایاسایی و ئەو کۆچبەرە ناشەرعییانە دەسگیرناکەن کە دەیانەوێ خاکی پۆڵەندا ببڕن بۆ گەیشتن بە ئەڵمانیا. ئەوە ئەرکی دەزگا ئەمنییەکانە و دەبێت جێبەجێی بکەن. کۆچکردن بەناو خاکی پۆڵەندا و چوونە ناو وڵاتانی یەکێتی ئەوڕوپا بریتی نیە لە "لەکۆڵ کردنەوەی کێشەکە". چونکە یەکەم: پۆڵەندا بەرپرسیارە، وڵاتێکی خاوەن ئەرک و سەروەرییە، بە جددی یاساکان جێبەجێ دەکات و ئابڕووی خۆی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دەپارێزێت. دووەم: کۆچکردن بەناو خاکی پۆڵەنداوە بۆ هەر وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەوڕوپا دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر گۆڕینی ڕێساکانی سنوری ناوخۆی یەکێتی ئەوڕوپا لە زۆنی شێنگێن و گەڕاندنەوەی خاڵی کۆنترۆڵی سنورەکان. پۆڵەندییەکان ئەوە ناخوازن و مافی خۆشیانە. سێهەم: بەگوێرەی ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان و ڕێساکانی یەکێتی ئەوڕوپا، ئەو بێگانانەی بەشێوەیەکی نایاسایی سنوری پۆڵەندا-ئەڵمانیا دەبڕن، دەبێت بگەڕێنرێنەوە بۆ وڵاتی یەکەم، واتا یەکەم وڵاتی یەکێتی ئەوڕوپا کە کۆچبەر بۆی هاتووە، واتا بۆ پۆڵەندا. لێرەدا دەکەونە ناو کامپی داخراو، تا ئەو کاتەی دۆسیەکانیان یەکلایی دەکرێنەوە کە ئایا مافی پەنابەرێتی و ئاوارەییان هەیە یان نا.

تەنانەت ئەگەر کەسێک وەکو ئاوارە لەقەڵەم درا و مافی مانەوەی پێدرا، واتای ئەوە نیە کە دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی سنوری پۆڵەندا ببڕێت. ئەوە وەکو تاوان ئەژمار دەکرێت، بەهۆی ئەو کردەوە دوژمنکارییانەی بیلاروس و پاڵنەری ڕوسیا و جەنگی ئوکراینیاوە، ئەوە دەبێتە هۆی دروست کردنی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی پۆڵەندا. ئەوانەی بەم شێوەیە ڕەفتار دەکەن دەبێت چاوەڕێی دەرەنجامەکەی بکەن، بێ گرنگی دان بەوەی بە چ هۆکارێک هاتوونەتە وڵاتی بیلاڕوس. بە گوێرەی ئامارەکان، ئەوانەی کە دەیانەوێ سنوری وڵاتی پۆڵەندا ببڕن، ئەوانەی کە مافی پەنابەرییان هەیە تاکوتەران. لە کاتێکدا سزای بڕینی سنوری بەشێوەی ناشەرعی بریتییە لە ٣ ساڵ زیندانی. ئەوەش کە ئەم جۆرە کۆچکردنە ڕێکبخات بۆ سزاکەی دەگاتە ٨ ساڵ زیندانی کردن. پەلاماردانی دەزگای ئەمنی پۆڵەندی سزاکەی دەگاتە ١٢ ساڵ زیندانی، تا ئەو کاتەی دیپۆرت دەکرێتەوە. ئەو کەسانەش سزای قەدەغەی چوونەی ناو یەکێتی ئەوڕوپایان بەسەردا دەسەپێنرێت. ئەو کەسانە ئیتر ناتوانن بەشێوەیەکی یاساییش بێنە ناو خاکی یەکێتی ئەوڕوپا.

**هەزاران هاوڵاتی عێراق و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵانە بەشێوەیەکی شەرعی دێنە ناو خاکی پۆڵەندا. ئەوانیش بریتین لە گەشتیاران، قوتابیان، کرێکاران و هتد. ئەوانە پێشوازییان لێ دەکرێت کە بەشێوەیەکی یاسایی دێن. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ تاوەکو ناوەڕاستی ٢٠٢٣ پۆڵەندا مافی ٥٧٠ کەسی بۆ ئیقامەی کاتی داوە.** بەڵام هەرچەند ژمارەیەکی زۆرتر بیانەوێت بە نایاسایی بێنە ناو خاکی پۆڵەندا ئەوەندە زەحمەتتر دەبێت پێدانی مافی هاتنە ژوورەوە. پۆڵەندا هەر تەنها ئاوارەی وڵاتی ئوکراینا وەرناگرێت، لە ساڵی ٢٠٢٢ لە پۆڵەندا زێتر لە ١٠ هەزار کەس داوای مافی پەنابەرێتی کردووە، (ئەوەش ژمارەیەکی کەمی ئوکراینییەکان لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەوان بە ڕێوشوێنێکی دیکە وەردەگیرێن). لەم ژمارەیە ٦٣٩ کەسیان خەڵکی عێراقن. ٤٩٦٢ کەس وەڵامی ئەرێنی وەرگرتووە کە ١٠ کەسیان هاوڵاتی عێراقن. بۆ بەراورد کردن، لە چەند ساڵی ڕابردوو، پۆڵەندا مافی پەنابەرێتی داوەتە ١٥٠ کوردی سوریا و ئیران و تورکیا. لە

ساڵی ٢٠٢٢ ، بیست هاوڵاتی عێراق داوای کارتی ئیقامەی هەمیشەیی کردووە، دوو کەسیش داوای داوای مافی ئیقامەی یەکێتی ئەوروپای کردووە، ٢٧٧ کەسیش داوای ئیقامەی کاتی کردووە. لە هەمان کاتدا پۆڵەندا ١٩ بڕیاری ئەرێنی داوەتەوە بۆ مافی مانەوەی هەمیشەیی، ٧ بڕیاری نێگەتیف، ٢ کەیسی پێداچوونەوە بۆ کردووە، ١ حاڵەتیش هەڵپەسێردراوە. هەرچیٚ ئیقامەی یەکێتی ئەوروپایە، ئەوا یەک بڕیاری نێگەتیف دراوە، هەرچی مانەوەی کاتییە ١٨١ کەس وەری گرتووە، ٤٧ کەس ڕەت کراوەتەوە، ٦ حاڵەت چاوی پێدەخشێنرێتەوە و ٢٣ حاڵەتی دیکەش هەڵپەسێردراوە. پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە ئەو بڕیارانەی لە ساڵێک دراون مەرج نیە کەیسەکان هی هەمان ساڵ بن، چونکە ڕێکارەکان چەندین مانگ دەخایەنن. بەڵام لەوە بەدەر دەکەوێت کە پۆڵەندا جیاکاری ناکات لە نێوان هیچ لایەنێک و دەرگاشی بۆ خەڵکی عێراق دانەخراوە، بە مەرجێک پابەندی یاساکانی پۆڵەندا بن و ئەو کاتەش مانەوەیان لەو وڵاتە شەرعی دەبێت.

| |
|---|
| لەوەدا پێویستا ناکات ژیانی خۆ بخرێتە مەترسیەوە و پەنا ببرێت بۆ بڕینی سنور بەشێوەیەکی نایاسایی چونکە ئەوە تاوانە. دەبێت ئەوە لەیاد نەکرێت هەموو وڵاتێک مافی پاراستنی ئاساییشی خۆی هەیە، بە تایبەتی لە دۆخێکی وەکو ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان دووچاری ببوون لە جەنگی داعش، ئێستاش پۆڵەندا دووچاری هەمان دۆخ بووەتەوە بەهۆی کردەوەکانی هەریەک لە وڵاتانی ڕوسیا و بیلاڕوس و هەروەها جەنگ سەر وڵاتی ئوکراینا. تاوانباران ئەوانەی خەڵکی هان دەدەن بۆ گەشت کردن بەو ڕێگەیە درۆ دەکەن و دەبێت بەرپرسیارێتی دەرەنجامی تراژیدی لە ئەستۆ بگرن. دەبێت لە پای ئەو کارە سزا بدرێن، ئەوەش بە تەنها پرسی یاسا نیە، بەڵکو پرسی شەرەفە. |

### 6 - مۆدێل و تەکنیکی ئۆپەڕاسیۆنی ڕوسیا-بیلاڕوس بۆ چەواشەکاری لە پانتایی زانیاری نێودەوڵەتی لە ڕێگای وێناکردنی خۆیان بۆ پەلامارەکانی سەر پۆڵەندا

**پۆڵەندا کەوتووەتە بەر فشاری بەکۆنترۆڵی کۆچبەران، بە یاوەریی پروپاگەندەی زانیاریی لە لایەن هەریەک لە دوو وڵاتی یەکگرتووی ڕوسیا و بیلاڕوس.** وەکو هەریەک لە سەرۆکی بیلاڕوس ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ و وەزیری کاروباری دەرەوە واجیمیر ماکیێی خۆیان دانیان پێنا کە هێنانی کۆچبەران و ئاودیوکردنیان بۆ سنوری یەکێتی ئەوروپا وەڵامی ئێمەیە لە دژی سزاکانی یەکێتی ئەوروپا دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە و ڕاوەدوونانی نەیارانی ئۆپۆزسیۆن. سەرانی بیلاڕوس ئەو شتانە وەکو بارمتەیەک بەکاردەهێنن بۆ فشار دروست کردن لە پۆڵەندا و یەکێتی ئەوروپا بۆ کەمکردنەوەی ئابلۆقە و سزاکان. لە لایەکی دیکەش بۆ چاوترساندن و سزادانی دراوسیٚ نزیکەکانیەتی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران دەربڕی دژی ئوکاشێنکۆ. لیتوانیا و پۆڵەندا بە توندی پاڵپشتی خۆپیشاندەرانیان کرد چونکە پێیان وابوو نەتەوەی دراوسیٚ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وڵاتێکی هاوبەشیان پێکەوە هەبوو، هەمان مافی ئەوەیان هەیە کە هاوڵاتیان خۆیان هەیانە. نایەکسانی و زەوتکردنی مافەکان و هەروەها چەوساندنەوەی ئەوانەی کە دژی ئەوەن، بۆ دانیشتوانی عێراق شتێکی دیار و ئاشکرایە.

| |
|---|
| ئوکاشێنکۆ و دەزگاکانی ئەم خەڵکانە دەهێننە سەر سنور لەسەر بنەمای ئەو پرۆژەیەی کە پێی دەگوترێت ئۆپەڕاسیۆنی "شلوز"، کە بریتیە لە ڕاکێشانی کۆچبەران لە لایەن بیلاڕوسەوە لە هەموو ناوچەکانی جیهانەوە و ڕاپێچکردنیان بەرەو سنوری یەکێتی ئەوروپا. ئۆپەڕاسیۆنی شلوز ١٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکرد. سەرەتا ئۆپەڕاسیۆنەکە ئامانجی ئەوە بوو سەرانە لە ئەوروپا وەربگرێت لەپای توندوتۆڵ کردنی سنورەکان. ئاستی ئەو چالاکییانەش زۆر بچوکتربوو لە هی |

ئێستا. لەسەر سنوری پۆڵەندا و لیتوانیا گروپەکی ١٠ کەسیان هێنا و خستیاننە ئەودیو سنورەوە. سەرەتا لێشاوی کۆچبەران بە ئاڕاستەی وڵاتی لیتوانیا بوو. بەڵاک کاتێک دەسەڵاتدارانی ڤیلنۆ لە لیتوانیا بڕیاریان دا هەر کەسێک دیپۆرت بکەنەوە کە بە شێوەیەکی نایاسایی سنور دەبەزێنێت، ئەوساکە دەسەڵاتی ئوکاشێنکۆ ڕێڕەوی کۆچبەرانیان گۆڕی بە ئاڕاستەی پۆڵەندا و لاتیڤیا.

هۆکارەکانی پشت هاتنی کۆچبەران بریتی نیە لە ئاوارەبی جەنگی. بە گوێرەی زانیاری دەزگاکان، ڕاستە کە گروپێکی ئەفغانی لەنێو کۆچبەران هەن، بەڵام ئەوانە پێشتر لە ڕوسیا دەژیان و لەدەست تالیبان ڕاياننەکردووە، بۆیە زەحمەتە بەوانە بگوترێت ئاوارەی جەنگ. خەڵکی عێراقیشیان تێدا هەن، کە ئەوانیش ناچنە ناو پێوەری ئاوارەکانەوە. لە ڕاستیدا عێراق لە زۆر کێشەی ناوخۆییەوە گلاوە بە تایبەت دوای جەنگی داعش، بەڵام لە ئێستادا هیچ شەڕێك لەم وڵاتە نەماوە و کردەوە تیرۆریستییەکانیش ساڵ دوای ساڵ کەمترن. هەروەها جار جاریش بۆمباران کردن هەیە لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە، بەڵام ئەویش ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە زیاتر چۆڵەوانین. دانیشتوانی شارەکانی بەغدا و هەولێر و موسڵ و سلێمانی بە پێچەوانەی شارەکانی ئوکراینا، کە دێنە دەرەوە ترسی ئەوەیان نیە ئاخۆ بە زیندوویی دەگەڕێنەوە ماڵەوە یان لە ڕێگا دەکەونە بەر بۆمباران. ئەوەش بۆ خەڵکی عێراقیش بۆ هێزەکانی پاسەوانی سنوری پۆڵەنداش هەر ڕاستە. دەسەڵاتدارانی بیلاڕوسیاش باش ئەو ڕاستیە دەزانن، بۆیە مەبەستیان ئەوە نیە هاوکاری ئاوارە بکەن، بەڵکو ئامانجیان دروستکردنی ناسەقامگیرییە. بۆ ڕوسیا ئەوە کەشفکردنی کاردانەوەی دەزگاکانی پۆڵەندایە، بۆ زانینی کاردانەوەی هاوپەیمانان و ڕای گشتی و هەر جۆرە پەلامارێکە. لەوەدا ئەو جۆرە پەلامارە بەشێکە لە ئامادەکاری بۆ پەلاماری قورستر یان لەوانە شەڕیش.

**شێوازی کارکردنی پلاندانەرانی ڕوسی-بیلاڕوسی لە ئۆپەڕاسیۆنی زانیاری-دەروونی**

**لە میتۆدی کاری پلاندانەرانی ئۆپەڕاسیۆنی زانیاری-دەروونی، کە بەشێکە لە قانونی ئۆپەڕاسیۆنی ڕۆژهەڵاتمان و دەزگاکانی ڕوسیا و بیلاڕوس پێی هەڵدەستن و مۆدێلەکانی لە ڕوسیا وەردەگرن، بریتیە لە ناسینەوەی چاڵاک (کەشفکردنی چاڵاک)، واتا ناسینەوە و کەشفکردنی دۆخێک لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند کردەیەکی چاڵاک، لەم حاڵەتەش لە ڕێگەی فشاری کۆچ، کە ئەوەش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ چەند جۆرێک لە ناسینەوە و کەشفکردنی لایەنی بەرانبەر**. بۆ نمونە دروستکردنی جەمسەری جۆراوجۆر لە کۆمەڵگا، بژارکردنی میدیا و ڕۆژنامەنوسا، کە بە پلەیەکی کەم یان زۆر دەکەونە بەر فشاری سۆز، هەروەها سیستەمەکانی کارکردنی دەزگاکانی ئاسایشی پۆڵەندا دەخرێنە ژێر تاقیکردنەوە. لێرەدا کارایی و شێوازی ئەو سیستەمانە تاقی دەکرێنەوە، هەروەها جۆر و کوالیتی کارکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنییە دانراوەکان و ئامێرەکانی دەست هێزەکانی سوپای پۆڵەندا، هەروەها لەقکردنی شوێنی پۆڵەندا لە پەیوەندییەکان و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی (بە مەبەستی تێکدانی بارودۆخ). ئەوە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان عێراق و پۆڵەندا و یەکتربینینی هەردوو نەتەوە. ئاسایی پەیوەندییەکان پۆزەتیڤ بوون لە ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکان ڕێگاو بانیان لە عێراق دروست دەکرد، ڕێگەی نێوان بەغداو ئەنبار و ئوردن و سوریا پۆڵەندییەکان دروستیان کرد. لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە سەربازانی پۆڵەندی ڕاهێنان بە هێزە عێراقییەکان دەکەن دژی داعش. هەروەها زۆر لە قوتابیانی عێراق لە پۆڵەندا خوێندنیان تەواوکردووە. ڕوسیا ئامانجی ئەوەیە پەیوەندییەکان تێکبدات. ئاماژە دەرکەوتوون کە عێراقییەکان لەژێر هەژموونی زانیاری نادروستی ڕوسیا جۆرێک لە دوژمنایەتی دەردەبڕن بەرانبەر هێزەکانی پۆڵەندا لە سەر سنور، بەوەی گوایا سەربازانی پۆڵەندا خراپ مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی عێراق کردووە. لە کاتێکدا پۆڵەندا بۆ گەشتیارانی و بزنسمان و قوتابیانی عێراق کراوەیە. بەڵام دەرکەوتنی گروپی توندئاژۆ لە ناو کۆچبەران لە سەر سنور ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕینی گۆشەنیگای خەڵکی پۆڵەندا لە بەرانبەر عێراقییەکان و ئەمەش کار بکاتە سەر ئەو عێراقییانەی کە بە شێوەیەکی یاسایی دێنە ئەم وڵاتە.

ڕوسیا لە ڕێگەی بیلاڕوس دەیەوێ بزانێت پۆڵەندا وەکو ئەندامێکی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بە چ شێوەیەک سەیری دەکرێ لە لایەن دەوروبەرەکەیەوە. کە ئایا دەتوانێت لەگەڵ ئەم بارودۆخە ڕەفتار بکات و چۆن ئیدارەی قەیرانی کۆچکردن بدات بە تەنیا یان بە هاوکاری وڵاتانی هاوپەیمانی. لە حاڵەتی ئێستا ناتێگەیشتن نیە لە نێوان پۆڵەندا و ئەندامانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا لەو بارەیەوە.

زانیارییەکان کۆ دەکرێنەوە بەکاردەهێنرێن بۆ ئەنجامدانی کردەیەک، بۆ نمونە هێنانە کایەوەی ڕووداوێکی گەورەتر و دروستکردنی دۆخێک کە ببێتە هۆی هێنانە سەر خەتی ڕای گشتی ڕۆژئاوا. دوای زانینی ڕای گشتی ڕۆژئاوا، ئەنجا دیسان دۆخەکە بپشکنرێ وپەیوەندییەکانی پۆڵەندا لەگەڵ وڵاتانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بزانرێ.

**دەزگاکانی بیلاڕوس هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی ڕووداوگەلێک دروست بکەن، تەنانەت ئەگەر لە سەر ئەژماری گیانی ئەو کەسانەش بێت کە هێنراون بۆ سەر سنور. کۆچبەران بەکاردەهێنن و پارەشیان دەدەنێ بۆ ئەوەی ئیستفسازی هێزەکانی پاسەوانی سنوری پۆڵەندا بکەن.** دەزگا ئەمنییەکانی بیلاڕوس هەر تەنها بۆمبی دەستی و چەقۆ نادەنە دەست کۆچبەران، بەڵکو پۆشاکی سەربازییان لەبەر دەکەن بۆ ئەوەی ناسینەوەی ئەوانە زەحمەت بێت کە ئایا سەربازە یاخود پۆشاکی لەبەر کردووە و خۆی کردووە بە سەرباز. نمونەی وا هەبووە کە کەسانێک چەکیان پێ بووە و ڕووی چەکەکانیان لە هێزەکانی پۆڵەندا کردووە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە سەربازانی پۆڵەندا نەزانن ئەو کەسە کێیە و چ کارەیە. ئەوە ڕەنگە ببێتە هۆی تەقەکردن لە لایەن هەردوو لا و ئەوساکەش بیلاڕوسەکان کۆچبەران تاوانبار بکەن و دەستی خۆیانی لێ بشۆن. سەربازان و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان چ کاردانەوەیەکیان دەبوو ئەگەر لە سەردەمی داعش کەسێک لەسەر سنور ئەوها ئیستفزازی هێزەکانی بکردایە؟ هەموو عێراقییەک دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆی بکات. پێویستە واز لە سیاسەتی دوو فاقی بهێنین.

هێزەکانی پاسەوانی سنور کە کۆنترۆڵی سنورەکان دەکەن ئەم جۆرە ئیستیفزازەیان ئاشکرا کردووە. مەسەلەی پۆشینی جلی سەربازی لە لایەن کۆچبەرانەوە لە لایەن هێزەکانی پۆڵەندا ئاشکرا کراوە وەکو ڕووداوێک کە لایەنی بیلاڕوسی دەتوانێت بە دوو شێواز سودی لێ ببینێت. یەکەم: پروپاگەندەیە. دەزگاکانی بیلاڕوس وای نیشان دەدەن کە هاوکاری کۆچبەران دەکەن بە پێدانی پۆشاکی گەرم. دووەم هێنانی ژمارەیەکی زۆر کۆچبەرە بۆ ناوچەیەکی سنوریی کە لە ڕووی شێوەوە زەحمەتە لەگەڵ هێزەکانی بیلاڕوس لێکجیابکرێنەوە. ئەوەش دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ ئیستفزازکردنی هێزەکانی پاسەوانی سنوری پۆڵەندا، بۆ نمونە لە ڕێگەی چوونی ئەو گروپە جل سەربازییە بۆ ناو خاکی پۆڵەندا، دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی شێوازی پەیوەندی کردن و ماوەی کاردانەوەی هێزەکانی سنور یاخود شێوەی کاردانەوەکان. ئەو کارانەی دەزگاکانی بیلاڕوس بۆ ئەوەیە بزانن بە چ شێوازێک و چۆن هێزەکانی سەر سنور کاردانەوەیان دەبێت. لەو ڕوانگەوە ئاگاداکردنەوەی لایەنەکان بە ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگ، شتێکی زێدەڕەوی نیە. لە ڕاستیدا دەبێت هەموو شتێک بکەین بۆ ئەوەی سنورەکان توندوتۆڵ بکەین. ئێ ئەوەش کاردانەوەیەکی سروشتی هەموو وڵاتێکە، بە تایبەت لە کاتێک کە وڵات لەژێر هەڕەشەی ئاسایشی بێت، ئەوەش نابێت ببێتە هۆی سەرسوڕمانی عێڕاقییەکان.

**سنوری پروپاگەندەی بیلاڕوسیا-پۆڵەندا**

ئەو ئۆپەڕاسیۆنەی کە ڕوسیا و بیلاڕوس بەکاری دەهێنن لە ڕێگەی کۆچی نایاسایی، پێش هەموو شتێک کردەیەکی پروپاگەندەیی و بەلارێدابردنی زانیارییەکانە. **بیلاڕوس و ڕوسیا بەشێوەکی زیرەکانە زانیاری بژێردراو بەکاردەهێنن، و ئەگەر لە دەستیان نەبێت، ئەوا دۆخێکی ئەوتۆ دروست دەکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەفتاری کۆچبەرانی بیانی، بۆ ئەوەی بەدەستیان بکەوێت.** ئەگەر ڕووداوێکی لەم جۆرە هیچ کاریگەرییەکی پروپاگەندەیی لێ نەکەوێتەوە، ئەوسا لەسەر ئەرزی واقیع ئیلهام وەردەگرن. بەم شێوەیە کاری خۆی دەکات. ئەوەش لەسەر ئەژماری ژیانی کۆچبەران. ئەگەر تەواوی کێشەکە شیکاربکەین، لایەنی نەیار لە گۆڕەپانی زانیارییەکان تەواو ئاگاداری ڕای لایەن جیاوازەکان و میدیاکانی هەیە لە پۆڵەندا. جگە لەوەش هەندێ میدیا هەن کە جگە لە گەیاندنی هەواڵەکان، هەوڵێک دەدەن چیرۆک دروست بکەن لە سەر ڕووداوەکە، بەشێوەیەک وا لە خەڵک بکەن چۆن و بە چ ئاڕاستەیک بیربکاتەوە.

**لە هەنگاوی یەکەمدا، دەستکرا بە نیشاندانی ئاژەڵی بێ لانە کە چۆن بەهۆی پەرژینە سنورییەکان گیانیان لە دەست داوە کە سەربازان دایانناوە. بەڵام کاتێک ئەوە سودی نەبوو، ئەوجارە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ژنان و منداڵان لە دۆخێکی نالەباری کەشوهەوایی و برسێتی.**

> **پۆڵەندا لەگەڵ نەیارێک کەوتووەتە داوەوە کە زۆربەی کردەوەکانی لەسەر بنچینەی سۆز بونیاد دەنێت، کە ئەوەش سیفاتێکی بناغەیی هەموو مرۆڤێکە. شتێکی ئاسان نیە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە هەواڵ و زانیاری و چەواشەکاریانە ببینەوە کە سۆزی خەڵک دەبزوێنن.** ڕای گشتی نێودەوڵەتی دەبێ ئاگادار بکرێتەوە کە ئەم جۆرە سۆزە بە ئامانجی تایبەت و لە لایەن وڵاتانی دیار (ڕوسیا و بیلاڕوس) دروست دەکرێن و نیشان دەدرێن.

هەر ڕێنماییەکی دەزگاکانی بیلاڕوس، بابەتی دیکەی وێنەگیراو بەدوای خۆی دەهێنێت.

منداڵان پیشان دەدرێن بۆ ئەوەی سۆزی زۆرتری خەڵک ڕابکێشن:

- https://twitter.com/Straz_Graniczna/status/1458834075662405636
- https://twitter.com/Straz_Graniczna/status/1458834476310671361
- https://twitter.com/Straz_Graniczna/status/1458834730347020293

کۆچبەران ڕێنمایی دەکرێن لە لایەن دەزگاکانی بیلاڕوس بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دوکەڵی جگەرەوە فرمێسک لە چاوی منداڵان بهێنن:

- https://twitter.com/VoicesBelarus/status/1457705413898604545

ئەگەر هەر منداڵێک چەند ووشەیەکی ئینگلیزی بزانێت ئەوا دەبرێنە ناو کردەوە پروپاگەندەییەکان. بڵاوکراوەکان بە زمانی بیانی سودی زۆرتر دەگەیەنێت، "دروشمەکان بدەنە منداڵان، ڕستەکان بنوسن لە سەر پرسە مرۆییەکان:

- https://twitter.com/StZaryn/status/1458769057902178311
- https://twitter.com/StZaryn/status/1458774680064643077

**ئەوانەی سەرەوە بەشێکن لە چالاکییەکانی دەزگاکانی بیلاڕوس، نیشانی دەدا کە چەند زیرەکانە مۆدێلی ئۆپەڕاسیۆنەکان بەکاردەهێنن و بەو پاڵنەرەی کە دەڵێ: ئامانج بیانوو بۆ ئامراز دەهێنێتەوە.** ئەوان بە ئاشکرا ئەو کارانەیان ناشارنەوە. ئەو جۆرە بابەت و ماددانەی کە ئەو کارە چەواشەکاریانە ئەنجام دەدەن بە ڕێژەیەکی زۆر لای هێزی پاسەوانی سنوری پۆڵەندی دەست دەکەون، بە شێوەیەک بیلاڕوسەکان لە سەرەتاوە وایان دانا کە ئەو بابەتانە ئەگەر ئاشکراش بکرێن، بەڵام شوێنی خۆیان دەگرن و دەگەن بە لایەن و خەڵکان.

**بگەڕێینەوە بۆ کاردانەوەی میدیاکان، مۆدێلەکانی ئۆپەڕاسیۆنەکانی دەزگا ئەمنییەکان دەبنە هۆی کاردانەوەی دەروونی چاوەڕوانکراو. وادەبینرێ کە بەشێك ڕۆژنامەکان بێ ئاگایانە دەکەونە ژێر باڵی ئەو چیرۆکانەی کە لایەنی نەیار بەرهەمی دەهێنێت.** هەر بە سادەیی "خۆت بە هەر شتێک بگرە بۆ ئەوەی نەکەویت" – لەم بارەدا مەبەست لە تەمەن بچووکەکانە. ڕژێمی بیلاڕوس لای گرنگ نەبووە و نیە کە ئەو قوربانییانە چیان لێ بەسەر دێت لە دارستانەکان. دەبێت لەوە دڵنیابین، هەر لە سەرەتاوە زۆر بابەتی ئەوها لە میدیاکانی بیلاڕوس بڵاوکرانەوە کە کۆچبەران دەمرن و پەنجەی تاوانیش بە ئاراستەی وڵاتی پۆڵەندا درێژ دەکرێت. لێرەدا بیلاڕوس کۆمەڵگەی پۆڵەندی دابەش دەکات، خەڵکی هان دەدات بۆ بەشداری کردن لە هاوکاری کردنی کۆچبەران لەسەر سنوری بیلاڕوس و پۆڵەندا کە بە هۆی پاڵنەری جوامێرانە، کە دەبنە مایەی پێکداپژان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی پۆڵەندا، کە سەرەنجام ئەوانەش دەبنە بەشێک لە پروپاگەندەی بیلاڕوس. تاکە ڕێگە بۆ پاراستنی کۆچبەران بریتییە لە سەرهەڵدانەوەی کێشە ناوخۆییەکانی ڕژێمی بیلاڕوس، کە دەبێتە هۆی کۆتایی هێنان بە ئۆپەڕاسیۆنەکە (ئەوساکە ڕژێمی ئوکاشێنکۆ سەرەنجەکانی دەخستە سەر کێشە ناوخۆییەکان)، یاخود فەرامۆشکردنی ئۆپەڕاسیۆنە پروپاگەندەییەکانی بیلاڕوس لە جیهان – بەشێوەیەک کە تێچوونی ئۆپەڕاسیۆنەکە زۆرتر بێت لە قازانجی.

**جیالەوەش لە لایەنی بیلاڕوسییەوە، هێزەکانی پۆڵەندا دەدرێنە ژێر فشاری دەروونی لە ڕێگەی تەقەکردن بە گوللەی دەنگیی، بەرد تێگرتن، هاتوچۆی سنایپەری بیلاڕوسی لە سەر سنور، هەڕەشەکردن بەوەی لەبەر چاوی سەربازانی پۆڵەندی ژن و منداڵ ئازار دەدرێن یان دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر. ئەو کردەوانە بۆ ئەوەی فشار دروست بکرێت، لەوانە تێوەگلانی سەربازانی پۆڵەندا بە ڕووداوەکان بەشداری کردنی ڕاستەوخۆی فیزیکی. لە ڕێگەی ئەو کردەوانە، دەزگای نەیار زۆرترین زانیاری کۆدەکاتەوە لەسەر چۆنیەتی کاردانەوەکان لە وڵاتی بێگانە. ئەوە بە گشتی، بەڵام سنورەکان لە خاکی فراوان و دوور و درێژ پێک دێت، بەشێوەی جۆراوجۆر پارێزراو بە بەربەستی ئەلیکترۆنی، جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر هێزەکانی پاسەوان و سەربازی لێیە. هەر دەوریەک و جوڵایەکی سەربازی پۆڵەندی و ماوە و بڕیاری کاردانەوەکان لە لایەن بیلاڕوسەوە لە ڕێگەی لێشاوی کۆچبەرانەوە دەجولێنرێت – وەڵامی پۆڵەندییەکانیش دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە وورد. ئەم جۆرە هەڕەشانە هەر تەنها ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان نیە، بەڵکو لە دواوەی ڕووداوەکان پرۆسەی پلاندانان و کەشفکردن خۆی دەدۆزێتەوە کە ڕەهەندی توندوتیژی هەیە.**

**هەر لە سەرەتاوە لە لایەن ئۆپەڕاسیۆنی بیلاڕوسی چەند فیلم و ڤیدیۆیەک بڵاوکرایەوە بە ئامانجی هاندانی دانیشتوانی عەرەبیزمان بۆ کۆچکردن بۆ یەکێتی ئەوروپا.** ڤیدیۆکان ئەوەیان پێشنیار دەکرد کە بەزاندنی سنورەکان بەشێوەیەکی ناسایی ئاسان و خۆشە. دەردەکەوت لە ڤیدیۆکان کە پیاوانی دەم بە خەندە بە گوێگرتن لە موزیکەوە دارستانەکان دەبڕن یەک دوای یەک. **بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی کۆچبەران دوو ئامانج لەخۆ دەگرێت. یەکەم/ ڕیکلامێکە بۆ خەڵەتاندنی ژمارەیەکی زۆرتری بیانی بۆ کۆچ.** هان دەدرێت بۆ گەشت کردن وەکو گەشتیارێک، دواتر دابەش دەکرێن بەسەر هۆتێلەکانی بیلاڕوس، دواتر دەگوێزرێنەوە بۆ سەر سنورەکان و لەژێر فشاری فیزیکی ناچار دەکرێن بەرەو سنورەکانی پۆڵەندا بچن. **ئامانجی دووەم/ لابردنی سەرەنجە لەسەر ئەوەی کە ئەوە خودی ئەلێکساندەر ئوکاشینکۆیە لە پشت ئەو کارە دەوەستێت. ئاگایی ڕای گشتی بەلای کۆمپانیاکان و گروپ و ڕێکخراوەکان کە ئەرکیان هاندانە بۆ کۆچکردن و یارمەتیدانە بۆ بڕینی سنورەکان. بەڵێ ئەو جۆرە بزنسە هەیە، بەڵام بێ ئاگاداری و هەماهەنگی دەزگا ئەمنییەکانی بیلاڕوسی ناکرێت.**

لە سەروی هەموویانەوە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین – دەستکەوتنی پارەی ئاسان! دەزگاکانی بیلاڕوس کۆچبەران ئامادە دەکەن بۆ زۆر چالاکی جیاواز، هەر لە کاری پروپاگەندەیی و بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر هێزەکانی سنور و تەنانەت کاری سیخوڕیش. شایانی ئەوە نیە! ئێستا لە سەر سنورەکان ٣٠٠٠ کامیرای گەرمی و شەوانە دانراون. لە نزیکترین دەرفەتدا چوار هەزار و نیو کامێرای دیکە دادەنرێن. ئەو کردارانەی سەرەوە وەکو تاوان هەژمار دەکرێن و لە ١٠٠٪ ئاشکرا دەکرێن. هەر کەسێکیش هەوڵی ئەو کارانە بدات لە ناوەوەی سنوری پۆڵەندا دەدۆزرێتەوە و دەبێ چاوەڕێی زیندانی کردن بکات. ئەو شتانە بۆ بیلاڕوس وەکو کەفی ئاو وایە.

### 7 - گفتوگۆ

a- هۆکارەکانی پەلاماری ڕژێمی ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ بۆ سەر پۆڵەندا و کاریگەرییەکانی لەسەر دروستبوونی قەیرانی کۆچکردن لە سنوری پۆڵەندا-بیلاڕوس.

b- ئۆپەڕاسیۆنی شلوز، بەکارهێنانی کۆچبەران وەکو چەکی دێمۆگرافی.

c- کۆچبەران وەکو ئامرازێک بە دەستی دەزگاکانی بیلاڕوسی – میتۆدی چالاکییەکان

d- پلانی تێکدانی دۆخی ئەوروپا و ناسەقامگیرکردنی پۆڵەندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆچبەران

e- کۆچی نایاسایی وەکو کاریگەری بۆکردنی تاوان (قاچاخچێتی) و ڕێگەی هاتنی یاسایی بۆگەشت بۆ پۆڵەندا و ئەوروپا

f- مۆدێلی ئۆپەڕاسیۆنی ڕوسیا-بیلاڕوسی بۆ چەواشەکردنی پانتایی زانیاری نێودەوڵەتی لە ڕێگەی وێناکردنی ڕوسیا بۆ پەلامارەکانی سەر پۆڵەندا.

### ئەنجامەکانی وانەکان:

a- قوتابی ئاشنایەتی پەیدا دەکات لەگەڵ هۆکارەکانی قەیرانی کۆچ لە سەر سنوری پۆڵەندا-بیلاڕوس و لە پاڵنەرەکانی هەردوولات تێدەگات: کۆچبەران کە لە لایەن بیلاڕوس و ڕوسیاوە بەکاردەهێنرێن، هەروەها پۆڵەندییەکان کە بەرگری لە سنوری خۆیان دەکەن؛

b- قوتابی فێردەبێت چەکی دیمۆگرافی چیە و چەکی کۆچ بریتیە لە چی، هەروەها فێردەبێت کە ئۆپەڕاسیۆنی شلوز چیە

c- قوتابی فێردەبێت چ ئامانجێک و مێتۆدێک بۆ بەکارهێنانی کۆچبەران لە لایەن ڕوسیا و بیلاڕوس هەیە

d- قوتابی تێدەگات کە چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان کۆچی نایاسایی و کاری تاوانکاری

e- قوتابی فێردەبێت کە ئۆپەڕاسیۆنی مۆدێلی ڕوسی-بیلاڕوسی بۆ چەواشەکاری لە پانتایی زانیاریی نێودەوڵەتی لە ڕێگای وێناکردنی پەلامارەکانی ڕوسیا بۆ سەر پۆڵەندا چیە.

Public task financed by the Ministry of Foreign Affairs of the Republic of Poland within the grant competition “Public Diplomacy 2023”

The opinions expressed in this publication are those of the authors and do not reflect the views of the official positions of the Ministry of Foreign Affairs of the Republic of Poland.

Ministry of Foreign Affairs
Republic of Poland